# بریێف ( 3 )

شێرزاد هەینی
Sherzad55@hotmail.com

هەمووتان بە زەحمەتی چوون، چەند سنوورو دەریاو کۆنترۆلتان بڕی، ماندووبون، شەوانی کاروانە درێژەکە سەرماتان بوو، ترسان، لەو ڕێگا دوورانەوە غەریبی ولات و دایك و ژنەکانتان کرد، بۆ جگەرکۆشەکانتان  زۆر بە گەرمی و بە سۆزەوە گریان، باوکتان مردو نەتانزانی، دایکتان نەخۆش کەوت و لە جیاتی ئەو سەخلەت نەبوون، شارتان گیراو پاش چەند ڕۆژێك،  پاش چەند مانگێك، بە شێواویی هەوالەکەتان زانی. کە زانیت سوودی نەبوو، شتەکان خێرا تەواو ببوون. بەناچاری ڕەوشە نوێیەکەتان قبوولکردو بەگەرمیش چەپەلت بۆ سەرکەوتووان لێدا.

خانووتان هەرزانفرۆش کرد، منالّتان لەناو وانەی ماتماتیك و مێژوو، لە گۆرەپانی سروود خوێندنی بەیانیان، لەگەرمەی یاری و سەمای خۆشیان دەرهێنا. کە ڕۆیشتن، دیاری نازدارو جوا نتان فرۆشت. کە ڕۆیشتن سنووورداش و ئاوداش و سەرداش و کەرامەتداش و پارەداش و ناوداش کران. هەر ڕۆیشتن و نەگەڕانەوە.

کە ڕۆیشتن خۆتان تزویرکرد، ناوتان گۆڕی، وێنەتان گۆڕی، ئیفادەی راست و درۆتان تۆمارکرد. قسەی راست و قسەی دڵی خۆتان بۆ نزیکترین هاورێ و دادوەرو پۆلیسی سەر سنووران نەکردەوە

کە ڕۆیشتن، پارەتان تەواو بوو، گیرفانتان بڕا، برسیتان بوو، فێڵتان لێکرا، زۆرتان بینی، باش و زۆر خراپتان بەسەرهات.

کە ڕۆیشتن هەمووتان گەورەبون و گچکە کرابونەوە، گچکەبون و گەورەکرابونەوە، راستگۆبون و درۆزنتان لێدەرچوو، ئەوەندە دۆرزان بوون، بڕوایان پێکردن. دەستڕەنگین و ئاوقاوت بوون، بە نەخوێندەوارو کۆڵەوار لەقەلەمدران. گەنج و بە زەوق بوون، پیربوون، زوو سەرتان پاك سپی بوو. سمێلی گەورەتان تاشی تا گەنج ببنەوە، سەردانی زۆری تاڵ و شیرینتان بینی، بە گەرمی و بەساردی و بە درۆو بە  ........  پێشوازی کران.

ئەگەر گەڕانەوە، ئەگەر ڕۆژێ بڕیارتاندا بگەڕێنەوە، بەناچاری پاش تەمەنێکی ماندوو و بێزار بێنەوە.

دەبێ ڕێگای گەڕانەوەشتان وا سەخت بێ، دەبێ دووبارە بەهەمان بەرنامەی جارانەوە بڕۆینەوە. یان ئەو سەفەرەی ئەمجارە بۆ ولاتەو ئاسانترە، بۆ کۆڵانەکەی جارانتانەو خۆشترە، نشێوەو دابەزینی ئاسانترە.

ئەگەر گەڕانەوە، چەند کەس دەبێژن چاککت کرد ڕۆیشتی و زۆر چاکترت کرد کە هاتیتەوە. وەرەوە لێرە جوانی شۆخی گەنجی، رەنگت هاتیتەوە بەر، گەنجتر بویتەوە. ژین و مردن بەیەکەوە، بوون و نەبوونی بەیەکەوە.

یان زۆریش بێ شەرم و راستورەوان، پێت دەڵێن:

کە هاتیتەوە، لێرە ناژیت و کۆڵانەکان بزرت دەکەن، کەوتیتە دەرەوەی گەمەکان، دەرەوەی کۆبوونەوەکان، دوور لە زۆر بازنەو دانیشتن و لەیەکگەیشتن، ڕۆژانە ڕێزو ئاپوورەی ئوتومۆبیلە تازەو زۆرەکان بزرت دەکەن، دووکەڵی سوتانی بێ سوود و بێ گەرمایی دەتخنکێنێ. پرۆژەکانی ئاوەدانی، بوارو شەقام و لادیواری لێ رماندی. نەخشەی تازەی شارو گەڕەکی نوێ، سەروبنت دەکەنەوە. شارو ڕێگاو ئەوانی تۆ هاموشۆت کردن، زۆر تۆیان گۆڕی، ئەو هەوارە نامۆیە سەری سپی و ماندووی کردی، ئەوانیش وەك تۆ ئەو زەمەن و ئەو رەوشە زۆری گۆڕین، منالّەکانی گەورەبوون، گەورەکان منالّ بوونەوە، شارەکان، نرخەکان، رەنگەکان ... تۆو ئەوانیش گۆڕان ..

تۆ هاتیتەوە یان هەر لەوێی، تۆ ڕۆیشتبووی یان هەر لێرە بوی .. تۆ کە ڕۆیشتنی زانیت دەگەڕێتەوە، کە گەرایتەوە زانیت ناحەوێتەوە، ... تەمەن بەشی ئەو چوون و هاتنەوە دەکات ...!!؟؟؟ تۆ دەتوانی بچیت و بگەریتەوە، یەك چوون و یەك گەرانەوە هەیە ..؟؟! کاروان یەك سەرەو نابێتە دووان، ئەگەر بۆ زۆرکەسی ئەو جیهانە چوون و هاتن هەیە، بۆ ئێوە یەك چوونەو یەك هاتنەوەیە، ناتوانی دوو کاروان لەو تەمەن و ڕۆژگارو لەناو کۆمەڵگایە بکەیت، ناتوانیت ..؟؟ ! ئێوە شارەزای یەك بوارو یەك هەوارو یەك زمان و یەك کەلتوور دەبن، بەرگەی دوو و سێ و گۆڕان و نوێ ناگرن ...! ڕۆیشتن و گوزەری تەمەن وەك هیچ ڕۆیشتن و ئاودیوبوونێکی تر نی یە.